لێکۆڵینەوە



ئارام سدیق

# ئاستەنگەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی

## ئاوڕدانەوەیەک لە رەخنە و رەخنەگری کوردی

### سەرەتا

رەنگە ئەدەبی کوردی لە رووی تێکستەوە هیچی لە ئەدەبی وڵاتانی دراوسێ کەمتر نەبێت، یان جیاوازییەکە ئەوەندە زۆر نییە، بەو پێیەی لە ئێستادا لە بوارەکانی "شیعر، چیرۆک و رۆمان"دا خاوەنی تێکستگەلێکی زۆرین، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستاش لای ئێمە سیمای تەواوی دیار نییە، یان سیمایەکی ونی هەیە و ئامادەیی زۆر کەمە، رەخنەی ئەدەبی کوردییە. قسەکردن لەسەر ئەم حاڵەتە تا ئێستا زۆری لەسەر گوتراوە و بەردەوامیش لە سەری دەگوترێت، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە تا ئێستا بە وردی لەسەر ئەم باسە لێکۆڵینەوە نەکراوە و بە شێوەیەکی تێروتەسەل گفتوگۆی لەبارەوە نەکراوە، کە لام وایە ئەم حاڵەتە بۆ خەمساردی نووسەری کورد دەگەڕێتەوە.

نەبوونی رەخنەی ئەدەبی کوردی و باسکردن لەو قەیرانە زۆرێک لە نووسەران و رۆشنبیران باسی دەکەن، یان هۆکاری جۆراوجۆری هەیە کە بەشێکیان بۆ بنیاتی تاکی کوردی دەگەڕێتەوە کە هەر لە سەرەتای بوونییەوە کارەکتەرێکی پرسیارکەر و رەخنەگر

نییە و بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر سەرکوت کراوە، بەشێکی تریشیان پێوەندیی بە نەبوونی زەمینەسازی رەخنەییەوە هەیە. بەو پێیەی زەمینە بۆ دروستبوونی رەخنە تا ئێستاش لە کولتووری کوردییدا نەڕەخساوە، یان دەروازەی رەخساندنی ئەو دەرفەتانە زۆر کەمن.

لەم نووسینەدا هەوڵم داوە بە پێی توانا، خۆم لەم باسە گرینگ و هەستیارە بدەم و بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێم، کە بۆچی رەخنەی کوردی وەک پێویست نییە؟ ئایا لاوازە؟ ئەگەر لاوازە ئەو خاڵانە کامانەن کە لاوازیان کردووە؟ بۆ لە پاش راپەڕین زەمینە بۆ دروستبوونی رەخنەی ئەدەبی بە شێوەیەکی بەرفراوان نەڕەخساوە؟ هۆکارەکان چین؟ کاریگەرییەکانی داخرانی کولتووری کوردی چییە لەسەر پاشخستنی رەخنەی ئەدەبی کوردی؟ هەروەها قسەکردن لەسەر ئەو خاڵانەی ئاستەنگن لە بەردەم دروستبوونی رەخنەگر. ئەمە بێجگە لەوەی هەوڵم داوە پێناسەی رەخنە بکەم و لە کۆتاییشدا ئەوە بخەمە روو، کە رەخنەی کوردی بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت، بۆیە دەکرێت ئەم نووسینە وەک سەرەتایەک بۆ چوونە نێو کێشەیەکی گەورەوە سەیر بکرێت.

## رەخنە چییە؟

رەنگە قسەکردن لەسەر رەخنەی ئەدەبی بەدەر لە پێناسەکردنی چەمکی "رەخنە" بەهایەکی ئەوتۆی نەبێت، یان باسکردنێکی کەم و کورت بێت، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند پێناسەیەکی رەخنە لە دیدی چەند گەورە نووسەرێکەوە بخەمە روو.

سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەچۆنیەتی سەرهەڵدانی رەخنە بکەم. بەپێی بۆچوونی بەشێکی زۆری لێکۆڵەرەوان رەخنە کاتێک سەری هەڵدا کە خوێنەرگەلی زۆر بە خواستگەلی زۆرەوە سەریان هەڵدا، هەروەها زۆربوونی نووسەرانیش وای کرد شێوازی جۆراوجۆری نووسین بێتە ئاراوە، کە دوا جار ئەو هەموو جۆر و شێوازەی نووسین بە هەموو خوێنەرێک ئەزبەر نەکراو بەشێک لە نووسەران رووبەڕووی رەخنە بوونەوە(١). ئەمە ئەو سەرەتایە بوو، کە رەخنە لێوەی سەرچاوەی گرت. وشەی "رەخنە" ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەسڵی وشەکە لە زمانی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە لە وشەی "کرینیین"ەوە داتاشراوە کە واتای "دادوەری" دەگەیەنێت(٢). هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە رەخنە کاتێک بە تەواوەتی پەرەی سەند، کە پیشەسازیی چاپ داهێنرا و چاپکردنی کتێب ئاسان بوو، بێگومان هەر لەو سەردەمەدا چاپکردنی تێکستیش زۆر بوو، واتە بە بڵاوبوونەوەی فراوانی

تێکستی ئەدەبی و فەلسەفی و ... هتد رەخنەش پەیدا بوو و پەرەی سەند.

چەمکی رەخنە بە مانا زانستییەکەی لە سەردەمی کانتەوە بە شێوەیەکی فراوانتر پەرەی سەند و سیمایەکی مۆدێرنانەی وەرگرت و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی بڕی، تا گەیشتە ئەوەی هەموو کایەکانی ژیانی گرتەوە. رەخنە لە سەدەی بیستەمدا بە شێوەی بەرفراوانتر و لە تیۆرەی نوێدا سەری هەڵدا، کە دەکرێت ئاماژە بە بنیاتگەرییەکان بدەین بەتایبەتیش "رۆلان بارت" کە لە دەیەی پەنجا و شەستەکاندا چەمکی "مەرگی نووسەر"ی هێنایە ئاراوە.

لێرەوە ئەگەر پێناسەی رەخنە بکەین دەبینین "رۆلان بارت" پێی وایە "رەخنە زانست نییە، رەخنە سەروکاری لەگەڵ ماناکاندا هەیە و زانست ماناکان دروست دەکات"(٣). بە باوەڕی هەندێک نووسەر، رەخنە پێگەیەکی ناڕاستەوخۆی لە نێوان زانست و خوێندنەوەدا داگیر کردووە. رەخنە زمانێک دەخاتە بەردەستی ئەو گوتارە تایبەتییەی، کە کاری خوێندنەوە جێبەجێ دەکات و گوتارێک «لە نێوان گوتارەکانی تردا» بە زمانی ئەو ئەفسانەیەی کە دروستکەری بەرهەمەکە دەبەخشێت. رۆلان بارت لە هەمان کتێبدا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە پێوەندیی رەخنە بە بەرهەمەوە هەمان پێوەندیی مانایە لە تەک فۆڕمدا. رەخنەگر ناتوانێت ببێتە وەرگێڕی بەرهەم و روونکردنەوەی زیاتری بەرهەم، لەبەرئەوەی هیچ شتێک لە خودی بەرهەمەکە روونتر نییە. ئەو کارەی رەخنەگر دەبێت ئەنجامی بدات، بەرهەمهێنانی جۆرێک لەمانایە لە رێگەی جیاکردنەوەی مانا لە فۆڕمەوە(٤).

رەخنەگری سەدەی نۆزدە "ماتیۆ ئارنۆڵد" لەبارەی رەخنەی ئەدەبییەوە دەڵێت: "هەوڵێکی بێ لایەنانەیە بۆ فێربوون و برەو پێدان بە باشترین بابەتێک کە لە جیهاندا دەناسرێت و دەزانرێت"(٥). ئەوەی لەم پێناسەیەدا ئاماژەی پێ کراوە ئەوەیە کاری رەخنەیی کارێکی بە بەرنامەیە، خۆ ئەگەر رەخنەگر کارێکی بە بەرنامەی نەبێت بۆ خوێندنەوەی دەقێک ئەوا، یان ستایشنامە دەنووسێت، یان ئەو دەقەی بەرهەم دێت دەقێکی رەخنەیی نییە و لە نێو فەزایەکی بێ میتۆدیدا دەخولێتەوە.

هەروەها "ئایان ماکلین" لەبارەی ئەرکی رەخنەگرەوە دەڵێت: "ئەرکی رەخنەگر لەوەدا دەرناکەوێت کە لە چوارچێوەی ئەو سنووردارییە بابەتییانەی ئەم دەربڕینەدا بمێنێتەوە، واتە لە چوارچێوەی سنوورداری زمان، یان رێزمان، یان ژانری ئەدەبی، یان مێژوودا، بگرە ئەرکی رەخنەگر، لە گێڕانەوەی ئەو شارەزاییەدا دەنوێنێت، کە گوزارشتی دەبینێت کە بۆ رەخنەگر پێویستە لە سنووری زات دەربچێت و لە رێگەی بابەتەکانەوە جارێکی تر سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ زات"(٦). هەروەها "چارلز برێسلێر"یش لەبارەی ئەرکی

ڕەخنەگرەوە دەڵێت: "ئەوەی ڕاستی بێت ڕەخنەگر دەبێتە پارێزەر و بەرگریکەری چێژی باش و بەها کولتوورییەکان"[٧].

هەروەها لە کتێبی دەستەواژە ئەدەبییەکانی "ئەبرامز"دا ئەوە خراوەتە روو کە: "ڕەخنەی ئەدەبی، پێناسە، وەسف، پۆلێنکردن، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبییە"[٨]. هەروەها بە پێی پێناسەی "کادێن"یش "ڕەخنەی ئەدەبی پیشە، یان زانستێکە تەرخان کراوە بۆ بەراوردکردن و جیاکردنەوە و لێکدانەوەی، شیکردنەوە و راڤەکردن و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی"[٩]. هەروەها بەشێکی زۆر لە ڕەخنەگرانی ئەوروپا پێیان وایە ڕەخنە دووبارەکردنەوەی دووبارەبووەکان نییە، بگرە وتنی نەوتراوەکانە. ڕۆلان بارتیش لە هەمان کتێبدا کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد دەنووسێت: "کاری ڕەخنەگر دەستنیشانکردنی تۆڕی ماناکانە"[١٠]. بەڵام بارت دواتر کاری ڕەخنەگر سنووردار دەکات بەوەی دەڵێت: "ڕەخنەگر ناتوانێت لەسەر هەموو شتێک قسە بکات"[١١]. ئەم ڕایەی "بارت" بۆنی ئەوەی لێ دێت کە بڵێت ڕەخنە پێویستی بە پسپۆڕی هەیە لە بوارێکدا، نەک ڕەخنەگر لەسەر هەموو بوارێک قسە بکات. پێم وایە ئەم پسپۆڕبوونەش دەتوانێت خزمەت بە ڕەخنە بەگشتی بکات.

**چەمکی ڕەخنە بە مانا زانستییەکەی لە سەردەمی کانتەوە بە شێوەیەکی فراوانتر پەرەی سەند و سیمایەکی مۆدێرنانەی وەرگرت و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی بڕی.**

**مادام ڕەخنە کارێکی داهێنەرانەیە، کەواتە ڕەخنە پاشکۆی دەق نییە، بگرە دەقی دووەمە و تەواوکاری دەقی یەکەمە**

### ئایا ڕەخنە پاشکۆی دەقە؟

سەرەتا باسم لەوە کرد کە ڕەخنە چییە و ڕای چەند گەورە نووسەرێکیشمان خستە ڕوو ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو پرسیارە بخەینە ڕوو ئایا ڕەخنە پاشکۆی دەقە؟ لە یەکەم سەرنجدا ڕەنگە ڕای جیاواز لەسەر ئەم بابەتە هەبێت و هەندێک پێیان وابێت ڕەخنە پاشکۆی دەقە و

هەندێکی تر بە پێچەوانەوە وای نەبینن. بەو پێیەی رەخنە وەک د. رەفیق سابیر دەڵێت: "رەخنەی ئەدەبی کارێکی داهێنەرانە و زانستییە. راستییەکەی رەخنەی ئەدەبی لە پاڵ ئەوانەدا کارێکی ئەخلاقیشە و ئیتیکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر ئەم سروشتە ئەخلاقییەش لە رەخنەگر دەخوازێت کە لە کاری رەخنەییدا ئۆبجێکت بێت و بە جۆرێکی ئۆبجێکتانە سەرنجی دەنگ و دیاردە ئەدەبییە گرینگ و نوێیەکان بدات و رووناکییان بخاتە سەر، لەم کارەشدا تەنیا لایەنی داهێنان و جوانی و راستی بگرێت و لە بەردەم خوێنەراندا هەست بە بەرپرسیاری بکات"(١٢).

مادام رەخنە کارێکی داهێنەرانەیە، کەواتە رەخنە پاشکۆی دەق نییە، بگرە دەقی دووەمە و تەواوکاری دەقی یەکەمە، یان پێکەوە دەقێکی کامڵ و (تەواو) پێشکێش دەکەن. دەکرێت لێرەدا بە دوای پێناسەی دەقی دووەم بچین و بزانین دەقی دووەم چییە؟ سەرەتا دەمەوێت بە بۆچوونێکی "تێری ئیگلتۆن" دەست پێ بکەم کە پێی وایە هەموو کات دەق ناکامڵە و دەڵێت: "دەق بە هیچ شێوەیەک گشتێکی کامڵ و رێکوپێک نییە پێشاندەری ململانێ و دژەبەرایەتی ماناکانە و گرینگیی بەرهەمی ئەدەبی پتر لە جیاوازی ئەم مانایانەدایە تا یەکێتی نێوانیان"(١٣). پاشان ئیگلتۆن دەڵێت: "بەرهەمی ئەدەبی لە ناکامڵبوونی خۆیدا کامڵە"(١٤). بە پێی ئەم بۆچوونانەی "تێری ئیگلتۆن" ئەگەر دەق بوویەکی ناتەواو بێت ئەوا ئەوەی ئەرکی ئەو تەواوکارییە لە ئەستۆ دەگرێت رەخنەیە. بەڵام ئیگلتۆن پاشان دەڵێت: "ئەرکی رەخنەگر ئەوە نییە کە بەرهەمی پرۆپاراو و کامڵ بکات، بگرە دەشێت ئەوەشمان نیشان بدات، کە چۆن چۆنی ئەو دژوارییە لەسەر دەستی پێوەندیی نێوان بەرهەم و ئایدیۆلۆجیا پێک دێت(١٥) هەروەها بارتیش پێیوایە رەخنەگر بۆ نزیکبوونەوە لە حەقیقەتی دەق دەبێت کەسێکی دروستکار بێت و هەوڵ بدات لە نێو زمانی خۆیدا لەسەر بنەمای "میزانسێنێکی روحی و وردبینەوە" هەلومەرجی هێمائامێز دابرێژێتەوە و بەبێ ئەو کارە ناتوانێت حورمەتی بەرهەمەکەی دابرێژێتەوە. لە کۆی قسەکانی هەریەک لە ئیگلتۆن و بارتدا ئەوە روون دەبێتەوە کە رەخنە وەک دەقێکی سەربەخۆ ئەژمار دەکرێت و رەخنەگر دەقێکی تر لە بەر ئاوێنەی دەقی یەکەمدا دەنووسێت، کە ئەو دەکرێت تەواوکاری دەقی یەکەم بێت، یان بەشێکی تر بێت لە دەقی یەکەم. بەڵام نابێت ئەوەش بخەینە روو کە دەقی رەخنەیی کە لەسەر دەقێکی شیعر، یان چیرۆک، یان هەر تێکستێکی تر دەنووسرێت ئیتر ئەوە گەیشتنە بە کۆتایی، یان کەماڵ، بگرە هەمیشە لە نێو کایەی دەقدا بواری ئەوە دەمێنێت رەخنەگر بۆ شتی نوێ بگەرێت. واتە دەقی دووەم "کە دەکاتە دەقی رەخنەیی"


بەختیار عەلی

وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ خۆی دەنوێنێت و لە هەناوی دەقی یەکەمەوە دێت، بەڵام جیاوازە لە دەقی یەکەم و پاشکۆی نییە.

بەختیار عەلی لەبارەی پاشکۆبوونی رەخنەوە بۆ دەقی ئەدەبی دەڵێت: "بەکارهێنانی وشەی پاشکۆیەتی بۆ رەخنە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە پاشکۆیەتی مانای بوونی قوتابخانەیەکی رەخنەیی ئاوێنە و بەرئەنجامی بوونی کۆمەڵێک دەقی ئەدەبییە، بەڵام مێژووی رەخنە جۆرە دیاردەیەکی وای تێدا نییە، بە پێچەوانەوە رەخنەی ئەدەبی بەرئەنجامی کارکردنی قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکانە"(١٦).

لە شوێنێکی تردا بەختیار پێی وایە رەخنەگر تەنیا بەرئەنجامی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان نییە، بگرە بەرئەنجامی کۆمەڵێک ئیشکردنە لەگەڵ زانستی تردا. دەقی ئەدەبی ئارەزووی ئیشکردنی رەخنەیی دەجوڵێنێت، بەڵام ناتوانێت میتۆدی ئەو ئیشکردنە دیاری بکات.

نووسین وەک بارت دەڵێت: "ئۆرگانیزەکردنی جیهانە"(١٧). یان دەڵێت: "نووسین بۆنەیەکی سادە لە تەک خوێنەرە گریمانەییەکان نییە، بگرە بەرپاکردنی بۆنەیەکی ئاستەمە لە تەک زمانی خودی خۆماندا، نووسەرێک زیاتر لە بەرامبەر ئەو گوتارەی کە حەقیقەتی خۆیەتی بەرپرسیارە"(١٨). واتە ئەگەر ئێمە بە سادەیی لە نووسین نەڕوانین ئەو کات هیچ نووسینێک نابێتە پاشکۆی نووسینێکی تر و بە تایبەتیش دەقی رەخنەیی، کە من بڕوام وایە "دەقی رەخنەیی" پاشکۆی دەقی یەکەم نییە.

لەبارەی رەخنەی مارکسییەوە و پاشکۆبوونی بۆ دەق "تێری ئیگڵتۆن" دەنووسێت: "رەخنەی مارکسی تەنیا بریتی نییە لە "کۆمەڵناسی ئەدەبیات" و تەنیا بە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی رۆمانەکان و قسەکردن لەسەر چینی کرێکارەوە سەرقاڵ نابێت. ئامانجی رەخنەی مارکسی روونکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبییە بەشێوەیەکی کامڵتر و مەبەست لەم کارەش سەرنجی ورد بەخشینە بە شکڵ و شێوە و شێواز و مانا و چەمکەکانی بەرهەمی ئەدەبی. بەڵام وەکوتر رەخنەی مارکسی لەو شێوە و شێواز و مانایانە وەک کۆمەڵێک

داهات و داهێنراوی مێژووی تایبەت تێ دەگات"[19]. کەواتە ڕەخنەی مارکسیش نابێتە پاشکۆی دەق و پێ دەچێت خاڵی هاوبەشی نێوانیان بیری مرکسیزم بێت.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا دەنووسێت: "دەق زەمەن ناپەرستێت وەک چۆن ئامانجێکی دیاریکراویش ناپەرستێت، بگرە لە پرسی بەردەوامدا یارییەکانی خۆی درێژە پێ دەدات. هەر بەو مانایەش پرۆسەی خوێندنەوە و ڕەخنە پێوەندیی بەو فەزا ئازادەدایە کە دەقی داهێنەرانە لە چاوەڕوانی خوێنەر دەیخاتەوە"[20].

**ڕەخنەی ئەدەبی بەرئەنجامی کارکردنی قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکانە**

هەر چۆن دەق زەمەن ناپەرستێ ڕەخنەش بە هەمان شێوە زەمەن ناپەرستێ. بۆیە ڕەخنە هاوتای دەق وەک دەقێکی داهێنەرانە ئەژمار دەکرێت. ئەگەر زیاتر بەم پرسەدا ڕۆبچین دەکرێت ئاماژە بە رای هەریەک لە سارتەر و میلان کۆندێرا بدەین کە سارتەر دەڵێت: ئەدەب کەشفکردنی مرۆڤ و دنیایە[21]، هاوکات "میلان کۆندێرا"ش پێی وایە ئەدەب هەوڵێکە بۆ کەشفکردنی لایەنە شاراوەکانی وجودی مرۆڤ[22]. ئەگەر بە پێی پێناسەکەی سارتەر بێت ئەدەب کەشفکردنی مرۆڤ و دنیا بێت ئەوا ڕەخنەش کەشفکردنی دووبارەی کەشفکراوەکانی مرۆڤ و دنیایە. واتە بە لە بەرچاوگرتنی پێناسەکانی "سارتەر و کۆندێرا" ڕەخنە دەبێتە کەشفکەر و دۆزەرەوەی نهێنییەکانی دنیا و وجودی مرۆڤ. لەم حاڵەتەشدا ئەرکی ڕەخنە ئەگەر لە بەرهەمهێنی دەق گەورەتر نەبێت کەمتر نییە، چونکە ئەویش خالقی دەقێکی نوێیە کە "دەقی ڕەخنەیی"ە.

**ڕەخنە هاوتای دەق وەک دەقێکی داهێنەرانە ئەژمار دەکرێت**

### ئامادەیی دەق و نائامادەیی ڕەخنە

نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی نێوەندێک نەبووە خاڵی بێت لە دەقی جوان و داهێنەرانە، ئەگەر ئێمە هەر لە "خانی"یەوە

سـەیری تێکسـتی کـوردی بکـەین بە دەیان تێکسـتی جـوان و داهـێنەرانە دەبینـین، بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا دەقی ڕەخنەیی زۆر کەم دەبینین، یان بوونی ڕەخنە ئەوەندە کەمە کە لە نێو ئەو دەیان و سـەدان تێکسـتە جوانەدا دیار نییە. دەکرێت لێرەوە قسە لەسـەر ئەو دۆخـەی ڕەخنـەی کـوردی بکەین، کـە ئێـسـتـا پێـیـدا تێ دەپەڕێت، کـە دۆخـێکە لە بێـدەنگی و نابەرپرسـیارییـەکی بەردەوامدایە. من لێرەدا دۆخی ڕەخنەی ئێستا بۆ سێ حاڵەت دابەش دەکەم و لێرەدا هـەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی گشتی لەسـەر ئەم سێ خاڵە هـەڵوەستە بکەم:

١- دەقی خراپ و ڕەخنەی خراپ:

سـەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین دەقی خـراپ چییە؟ ئێمـە مـەبەسـتمـان لە دەقی خـراپ چییـە؟ لای من دەقی خـراپ ئەو دەقـەیە کـە نەیتـوانیـوە پرسـیـارێکی نوێ، یان تـەنانەت پرسـیـاری گشـتی لای خـوێنەر بورووژێنێت، یان ئەو دەقـەیە کـە خـاڵییـە لە هـەمـوو چێژێکی سـتـاتیکی «بێگـومـان ڕادەی چێژ وەرگـرتن لە دەق لای خـوێنەر جیـاوازە». هـەروەهـا دەقی خراپ دەقێکە توانای بەردەوامیی نییە لە ژیان. ئەگەر لەبارەی ڕەخنەی خراپیشەوە بدوێین دەبینین ڕەخنەی خراپ تەنیا ئەو ڕەخنانە نین کە لەسـەر دەقی خراپ نووسراون، بگرە زۆر جار دەقی زۆر جوان ڕەخنـەی زۆر خراپی لەسـەر نووسراوە. ئەم خـاڵەش ڕووبەرێکی زۆری ڕەخنـەی کـوردی داپۆشـیـوە. بۆیە بوونی ئـەو دەقگەلەی بە ناوی ڕەخنـەوە بڵاو بوونـەتەوە زیانێکی زۆریان لـە بوون و ئاسـتی ڕەخنـەی کـوردی داوە. واتە چۆن دەقـی خـراپ توانای ورووژاندنی پـرسـیـاری نوێی نییـە، هاوکـات ڕەخـنـەی خـراپیش لە بـازنەیەکی تەسکی بێ پرسیاریدا دەخولێتەوەو تێکەڵێکە لە چەمکگەلێک کە دوا جار مانا بەرهەم ناهێنن.

٢- بێدەنگی بەرانبەر دەقی خراپ:

لەگـەڵ نەبوونی ڕەخنـەدا لێـشـاوێک تێکست بـەناوی تێکسـتی ئەدەبیـیـەوە ڕووبەری ڕۆشنبـیـری کـوردییـان داپۆشی. ئەو تێکسـتگەلە، بەهـۆی نەبوونی سـانسـۆری جـدی و هـەڵسـەنگاندنی بابەتییانەوە لەلایەن بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکانی کوردستانەوە ئەوەندەیی تر فـەزاکەی بە ڕوویاندا کراوەتر کرد. هـەروەهـا زۆری ژمارەی ئەو بـڵاوکراوانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا زیادیان کرد و هـەموویان پێویستیـان بە پڕبوونەوەی لاپەڕەکانیـان هـەبوو، دیسان ئەمـەش بووەتە هۆی والاکردنی زیاتری دەروازەکە لە بەردەم بڵاوکـردنەوەی تێکستی خـراپدا. واتە بوونی بێدەنگی ئەو بێدەنگییە بەردەوامـەی بەرانبـەر تێکست و ڕەخسـاندنی دەرفـەتی بڵاوکردنەوە و نـەبوونی هـەڵسـەنگێنەر و سـانسـۆرێکی بابەتیـانە سێ هـۆکاری

سەرەکی بوون لە بەردەم بەردەوامیدان بە بەرهەمی خراپ و دروستبوونی لێشاوێک نووسەری (خراپنووس) و بەرهەمهێنانی سەدان دەقی مردوو.

٣- بێدەنگی بەرانبەر دەقی جوان:

ئێمە پێشتریش ئاماژەمان بەو خاڵە کرد کە ئەدەبی کوردی تێکستی زۆر داهێنەرانەی تێدایە و زۆر جار بە بەراورد بە ئەدەبی وڵاتانی دراوسێ ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە، «هەرچەندە من لەگەڵ بەراوردکردنی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی گەلانی تردا نیم»، بەڵام دەبینین رەخنەی ئەدەبی کوردی و رەخنەنووسانی کورد زۆر بێدەنگن لە بەرانبەریدا، هەروەک چۆن بەرانبەر ئەو لێشاوە دەقە ناشیرینەش بێدەنگن ئاوهاش لەبەرانبەر دەقی جوان بێدەنگن.

ئەو بێدەنگییە بەرانبەر دەقی جوان و داهێنەرانە زیانێکی گەورەی لە زۆر تێکستی جوان داوە، کە دەبن بە ژێر پێی زەمەنەوە و کەس نایانخوێنێتەوە، یان خوێنەرانێکی دیاریکراو و تایبەت دەیانبینن. بەختیار عەلی لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەنووسێت: "بێدەنگی رەخنەی ئەدەبیی ئێمە بە ئەندازەیەک قووڵ و بێ مەودایە، زۆر ئەزموون لە بیر دەباتەوە و لە ئاست زۆر ئەزموونی کاریگەردا دەخەوێت"(٢٣). ئەو خەوتنەی بەختیار باسی دەکات پێ دەچێت ئاماژەیەکی ترسناک لە پشتییەوە ئامادە بێت بۆ ئەوەی دەیان ئەزموونی جوانی نێو رۆشنبیری کوردی بەرەو لەبیرچوونەوەی بەرێت.

بێگومان بۆ تێپەڕاندنی ئەم بێدەنگییە بەرانبەر بە دەقی جوان و داهێنەرانە دیسان پێویستە رەخنەگران چاوتیژتربن بۆ بینینی تێکستی جوان و هاوکات بڵاوکراوەکانیش چاوتیژتربن لەسەر ناساندنی ئەو دەقە جوانانەی بڵاو دەکرێنەوە و تەوەری تایبەتییان لەسەر بکرێتەوە و بە شێوەی جیاجیا هەوڵی ناساندنیان بدرێت بە زۆرترین خوێنەر.

لێرەوە تێ دەگەین ئەوەی لە نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا تێ دەپەڕێت بوون و ئامادەیی دەقە بە شێوەیەکی تەواو، بەڵام نائامادەیی رەخنە بە شێوەیەک دیارە، کە لە دوو لایەنەوە زیانی بە نێوەندی رۆشنبیریی کوردی گەیاندووە کە ئەوانیش هەم دەقی خراپ و ناشایستە زۆر بڵاو دەکرێتەوە، هەم دەقی جوانیش زۆر جار پەراوێز دەخرێت و دەبێت بە ژێر پێی زەمەنەوە.

## قەیران و نائامادەیی رەخنە:

من پێشتر ئاماژەم بە «ئامادەیی دەق و نائامادەیی رەخنە» دا ئێستا لەبارەی ئەو قەیرانانەوە دەدوێین، کە نائامادەبوونی رەخنە دروستی دەکات لە نێو ئەدەبی کوردیدا.

لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە هەرگیز دوا خاڵێک نییە بۆ کەشفکردنی هەموو پنتە شاراوەکانی دەق، چونکە جیهانی دەق، جیهانێکی ئاڵۆز و پڕ هێمایە و هەموو خوێنەرێک توانای کەشفکردنی هەموو لایەنە شاراوەکانی نییە و هاوکات هەموو رەخنەگرێکیش ناتوانێ لە هەموو ئاڵۆزییەکانی دەقێک تێ بگات. رەنگە ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی لە کاتی ئامادەبوونی دەقدا، دەق تووشی ئامادەنەبوونی "خوێنەری وشیار" دەبێتەوە، چونکە هەموو دەزانین زۆر دەق لە نێو قەیراندا دەخولێنەوە، قەیرانێک کە لە دەرەوە کاریان تێ دەکات، نەک لە ناو خۆیاندا بێت.

خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە نەبوونی "خانەی چاپ" بە شێوەیەکی باش و بەرفراوان کە بتوانێت کتێبە چاپکراوەکان بگەیەنێتە هەموو کوردێک لە هەر شوێنێک بێت ئەمەش قەیرانێکی ترە لە بەردەم دەقدا، کە زۆر جار دەقی زۆر جوان سنووری بڵاوکردنەوەی زۆر تەسک دەبێت، یان تەنیا لە سنووری شارێکدا بڵاو دەبێتەوە، کە ئەمەش دیسان زیانی زۆر بە بوون و ئامادەیی دەق دەگەیەنێت لە نێو زۆرترین خوێنەردا. لە ئێستادا لەگەڵ بوونی چەند دەزگایەکی چاپدا، بەڵام ئەم قەیرانەی لە سەرەوە باسم کرد هەر بەردەوامە و هاوکات سانسۆریش لە نێو ئەم خانەی چاپانەدا زۆر لاوازە، کە زۆر جار دەقی باش و خراپ پێکەوە چاپ دەکرێن بێئەوەی سنوورێک لە نێوانیاندا هەبێت. دەکرێت لێرەوە قسە لەسەر قەیران و ئامادەیی رەخنە بکەین و هێما چەند خاڵێکی کاریگەر بکەین کە رۆڵیان لە دروستکردنی ئەو قەیرانەدا هەبووە:

١- نەبوونی سەرچاوەی رەخنەیی لە بەردەم رەخنەگر و نووسەراندا تا بەسوود وەرگرتن لەو سەرچاوانە دەقی نوێ بخوێننەوە و شیکاری بکەین.

٢-زەمینەسازی بۆ رەخنە تا ئێستاش لای ئێمە نەکراوە و بڵاوکراوەی تایبەت وکۆواری تایبەت بە رەخنە نییە، ئەمە لە کاتێکدایە گرینگیدان بەم لایەنە کارێکی باش دەبێت بۆ بووژاندنەوەی رەخنە.

٣-کولتووری قبوڵنەکردنی یەکتری، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر نەک رەخنە هەبووە، بگرە لە هەموو بوارەکاندا رەنگدانەوەی هەیە، کە ریشەکەی لە هەناوی کولتووری پاشکەوتووی کوردیدایە.

٤-رەخنەگر کەسێکە هەوڵ بۆ دەرخستنی راستی دەدات و زۆر جار ئەم کارەش دڵی

هەندێک کەس دەرهەنجێنێت، کە پاشان دەگاتە ئەوەی بە شێوەیەکی جۆراوجۆر دژایەتی بکرێت. لێرەوە زۆر جار پاشگەزبوونەوەی رەخنەگر لە بواری رەخنە پەرە دەسێنێت.

بێگومان ئەم خاڵەش کاریگەریی لەسەر ئەو قەیرانە هەبووە، کە رەخنەی ئەدەبی لە سەختترین و دژوارترین قۆناغی بوونی خۆیدا بێت. ئەم سەخت و دژوارییەش زیاتر لە وەی پێوەندیی بە بوون، یان نەبوونی دەقی ئەدەبییەوە هەبێت، پێوەندیی بە سەرجەمی ئەو کەش و هەوا فیکری و فەرهەنگییەوە هەیە، کە هەم ئەدەب و هەم رەخنە لەو کەش و هەوایەدا دەردەکەون، هەم نووسەر و هەم رەخنەگر راستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی ئەو کەش و هەوایەدان و دەور و ئەرک و چالاکییەکانیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم فەزایەدا دەگۆڕێت. واتە تەنیا هۆکارێکی دیاریکراو ئەو قەیرانەی رەخنەی دروست نەکردووە، بگرە کۆمەڵێک قەیران، کە زۆر جار هۆکاری سیاسیش رۆڵی تێدا بینیوە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی فراوانبوون و پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی هەیە.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە تا ئێستاش ئەو تێکستە رەخنەییانەی دەنووسرێن فیکریان زۆر کەم تێدا بووە، یان ئامادەیی فیکری زۆر کەم بووە تێیاندا. لەم بارەیەوە "بەختیار عەلی" پێی وایە کە سادە نووسین و سادە بیرکردنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەمای فەلسەفی و مەعریفی نییە و بەختیار دەڵێت: "ئەم کارەساتی سادەنووسینە دوورکەوتنەوەی رەخنەی ئەدەبی ئێمەیە لە هەستی فەلسەفی و بنەمای مەعریفی. ئەستەمە شتێک هەبێت ناوی چێژی ئەدەبی بێت لە دەرەوەی رۆشنبیرییەکی فیکری بەربڵاو، چێژی ئەدەبی بە رەها گرێدراوی عەقڵێکە بتوانێت بیر بکاتەوە"(٢٤).

کەواتە ئەم قەیران و نائامادەیی رەخنەیە بەردەوام دەبێت تا هەستی فەلسەفی و بنەمای مەعریفی لە نێو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا پەرە دەسێنێت، چونکە ئەم دووانە گرێدراوی قووڵ بیرکردنەوە و تێگەیشتنی بابەتییانەن لە تێکست.

## ئاستەنگەکانی بەردەم رەخنەگر

رەخنەگری ناوداری رووسی "بلینسکی" دەڵێت: "پێویستە یەکەم هەنگاوی رەخنە باسکردنی پلەی ستاتیکی ئەو بەرهەمە بێ کە قسەی لەسەر کراوە، چونکە هەر بەرهەمێک توانای شیکردنەوەی ستاتیکی نەبێت شایانی ئەوە نییە، کە رەخنەی لێ بگیرێ"(٢٥). لەم قسەیەی "بلینسکی"وە دەکرێت سەرەتا باس لە ئاستەنگی هەڵبژاردنی دەق بکەین لە



بەردەم رەخنەگردا. ئێمە نکۆڵیمان لەوە نییە کە نێوەندی رۆشنبیری کوردی خاوەنی دەیان دەقی داهێنەرانەیە، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە ئایا رەخنەگران پەییان بەو دەقە داهێنەرانە بردووە و توانیویانە ئاوڕ لەو تێکستگەلە بدەنەوە. بێگومان ئاوڕ لە بەشێکی کەم لە تێکستە داهێنەرەکان دراوەتەوە و ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ تێکەڵکردنی تێکستی داهێنەرانە و تێکستی ئاساییە لە نێو رەخنەی کوردیدا، کە هەردووکیان لە تای تەرازووەکدا دانراون. بەڕای من ئەم حاڵەتە یەکێکە لەو ئاستەنگانەی بەردەم رەخنەگری کورد، کە تا ئێستاش وەک پێویست ئاوڕی لە تێکستە داهێنەرەکان نەداوەتەوە، یان دەرفەتی گەڕان و خۆماندووکردنی نەبووە بە دوای ئەو تێکستانەدا.

ئایا دواکەوتنی رەخنەی کوردی بەهۆی بوونی ئاستەنگی دەرەکییە، یان تەنیا نووسەران و رۆشنبیران لێی بەرپرسیارن؟ ئەم پرسیارە وەڵامێکی گشتی دەوێت بەو پێیەی لێرەوە پرسیار لە بوونی رەخنەی کوردی سەرهەڵدەدات. نەبوونی رەخنە، یان بوونی ئاستەنگی جۆراوجۆر لە بەردەم رەخنەگری کوردا تەنیا بۆ هۆکارێکی دیاریکراو ناگەڕێتەوە و هەموو هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بە شێوەی جیاجیا و بەڕێژەی جیاواز کاریگەرییان لەسەری هەبووە. دەکرێت لێرەوە دوو خاڵ بخەینە روو، کە رۆڵێکی نێگەتیڤیان لەسەر رەخنەی کوردی هەبووە، کە ئەوانیش «ئاستەنگی دەرەکی و ئاستەنگی ناوەکی»ە، کە لێرەدا هەوڵی ئەوە دەدەم لەم دوو ئاستەنگە بدوێم:

١- ئاستەنگی دەرەکی ئەو ئاستەنگانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوە کار لە رەخنەگر و فەزای رەخنە دەکات وەک بارودۆخی سیاسی، کە زۆر جار بارودۆخی سیاسی کوردستان بە درێژایی چەندین دەیە پڕ لە ئاشووب و نائارامی بووە، هەروەها بوونی هۆکاری ئابووری بەو پێیەی تا ئێستا هیچ نووسەرێک ناتوانێ تەنیا بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە رەخنەییەکان ژیانی دابین بکات. واتە هەموو ئەو کەسانەی لای ئێمە رەخنە دەنووسن

کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند نین بۆ ئەو بوارە. بۆ نموونە "عەتا قەرەداغی" کە خاوەنی دەیان رەخنە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆرە لەمەڕ شیعر و چیرۆکی کوردی و هەروەها رەخنەی سیاسی و .. هتد ، ئەو بە تەنیا خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان نەکردووە و هاوکات مامۆستای زمانی ئینگلیزییە و کاری وەرگێڕانیش دەکات.

یەکێکی تر لەو ئاستەنگانەی دێتە بەردەم رەخنەگر ئەوەیە کە تاکەکانی نێو کولتووری کوردی تەقەبولی ئەو رەخنانە ناکەن کە لە سەریان دەنووسرێت و زۆر جار پاش نووسینی رەخنەیەک لەلایەن نووسەرێکەوە لەسەر شاعیرێک یان چیرۆکنووسێک ئیتر دابڕان لە نێوان ئەو دوانەدا "نووسەر و رەخنەگرەکە"دا دروست دەبێت.

٢-ئاستەنگەکانی ناوەوەی بەردەم رەخنەگریش زۆرن بەتایبەت نەبوونی سەرچاوەی تیۆری زانستی لەمەڕ قوتابخانە رەخنەییەکانی دنیا، هەروەها نائامادەیی تاکی کورد بۆ رەخنەگرتن کە تاکێکە لە ناخیدا هەڵگری سیفاتی ملکەچ کراوە و کەمتر هەوڵی لەگەڵدا دراوە تاکێکی رەخنەگری لێ بەرهەم بهێنرێت، بێگومان بەدەر لەوانەش کە خرانە روو چەندین ئاستەنگی تر هەیە وەک ناکارایی زانکۆکانی کوردستان بۆ دروستکردنی عەقڵێکی رەخنەیی لە نێو خوێندکاراندا، کە لام وایە دەبووایە زانکۆکان رۆڵێکی گەورە بگێڕن لە دروستکردن و گەشەپێدانی عەقڵی رەخنەیی لە نێو تاکی کوردیدا. هەروەها نەبوونی زەمینەی بڵاوکردنەوە، یان نەبوونی بڵاوکراوەی تایبەت بە رەخنە، کە ئەمانەش بە شێوەی جیاجیا کاریگەرییان لەسەر ئەم حاڵەتە و بەردەوامی ئەو ئاستەنگانە هەیە.

بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە گرووپی رەهەند و گۆواری رەهەند لە دوای راپەڕینەوە رۆڵێکی باشیان هەبوو لە دروستکردنی عەقڵی رەخنەیی و کردنەوەی زمانی نەوەیەک کە بپرسێت بۆ شەڕی ناوخۆ رووی دا؟ یان بپرسێت بۆ نەتەوەکەی من ئەنفال کرا؟ بێگومان گرووپی رەهەند لە هەندێک ئاستدا خزمەتی بەرچاویان کرد، بەڵام وەک پێویست لە دروستبوون و گەشەسەندنی رەخنەی ئەدەبیدا رۆڵیان نەبوو، کە ئەوەش هۆکاری تایبەتی هەبوو، کە لەم نووسینەدا جێی نابێتەوە.

### لە نێوان ستایش و خوێندنەوە و رەخنەدا

ئاستی رەخنەی کوردی لە کوێدایە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەمانگەیەنێتە ئەو پۆلێن بەندییەی دەکرێت بۆ ئەو هەموو تێکستەی بکەین کە بە ناوی رەخنەوە بڵاو دەکرێنەوە. دەکرێت بپرسین جیاوازیی نێوان رەخنە و ستایشنامە چییە؟ ئەی خوێندنەوە و رەخنە چ

جیاوازییەکیان هەیە؟ بە پێی بۆچوونی "ولفگانگ ئایزەر" لەبارەی ئەرکی رەخنەگرەوە "ئەرکی رەخنەگر بریتی نییە لە روونکردنەوە و شیکردنەوەی بابەتی دەقەکە، بەڵکو بریتییە لە کەشفکردنی کاریگەرییەکانی دەقەکە لەسەر خوێنەر، بەپێی سروشتی دەقیش دەبێت چەندین خوێندنەوەی شیاو بڕەخسێنێت". بەڵام ئایا رەخنەی کوردی و ئەو تێکستانەی بەناوی رەخنەوە دەنووسرێن ئەو زەمینەیەیان رەخساندووە کە ئایزەر باسی دەکات. بۆ خستنەڕووی تەواوی کێشە لێرەدا هەوڵ دەدەم یەکە یەکە لەبارەی هەرسێ چەمکی "ستایشنامە، خوێندنەوە، رەخنە"وە بدوێم.

١- ستایشنامە:

بەشێکی زۆری ئەو نووسینانەی لە ئێستەدا بەناوی رەخنە و لێکۆڵینەوە دەنووسرێن بێجگە لە ستایشی بێ بنەما هیچی تر نین. بەشێک لەم نووسینانە ستایشی خودی نووسەری دەق دەکەن و بە جۆرێک کە ئەسڵی بابەتەکەیان بیر دەچێتەوە، یان دروستتر بڵێم ئەوەی باس ناکرێت تێکستەکەیە، کە ویستراوە لەسەری قسە بکرێت. بەشی دووەمی ئەم ستایشنووسانە لە هەوڵی پیاهەڵدانی بێ بنەمای دەقدان بەشێوەیەک کە لە کۆتاییی وتارەکەدا هیچ شتێک لای خوێنەر جێ نامێنێت تەنیا ستایشێکی رووت نەبێت. دەکرێ لێرەدا ئەوەش بخەینە روو زۆر جار ئەم جۆرە ستایشنامانە بە "تەکلیف" دەنووسرێن، یان "بۆ خۆ نزیکردنەوە" لە نووسەرەکەی "ئەگەر پلە و پایەی هەبێت" دەنووسرێن.

٢- خوێندنەوە و شیکردنەوە:

بەشێکی تر لەو نووسینانەی نێو بڵاوکراوەکان بەناوی رەخنەوە بڵاو دەکرێنەوە خوێندنەوە و شیکردنەوەن و زیاتر

**بەشێکی کەمی ئەم نووسینانەی دەمێننەوە رەخنە و لێکۆڵینەوەن و دەچنە خانەی رەخنەی جدی و خوێندنەوەی بێلایەنانەوە.**

**رەخنەی زارەکی بەو رەخنەیە دەگوترێ کە هەر لەسەر زار دەمێنێتەوە و نابێتە تێکستێکی نووسراو**

ناساندنی ئەو دەقانەیە، کە ویستراوە قسەی لەسەر بکرێ. لەو جۆرە نووسینانەدا پەیڕەوی هیچ میتۆدێکی رەخنەیی نەکراوە، یان زۆر جار پەیڕەوکردنەکە رووکەشانەیە. بێگومان بوونی ئەم جۆرە لە خوێندنەوە و شیکردنەوانە زیان بە رەخنەی کوردی ناگەیەنێت، بگرە تەنیا کاتێک زیان بە رەخنەی کوردی دەگەیەنێت کە بەناوی رەخنەوە بڵاو بکرێنەوە، یان وەک رەخنە بناسێنرێن. دەنا کاریگەرییان دەبێت لەسەر ناساندنی ئەو دەقانەی قسەی لەسەر کراوە.

٣- رەخنە و لێکۆڵینەوە:

بەشێکی کەمی ئەم نووسینانەی دەمێننەوە رەخنە و لێکۆڵینەوەن و دەچنە خانەی رەخنەی جدی و خوێندنەوەی بێلایەنانەوە، کە ئەمەش وەک د. رەفیق سابیر دەڵێت: "رەخنەی ئەدەبی تەنیا لای ئێمە دیاردەیەکی تازە و ساوا نییە، بگرە هێشتا ئاوێتەی پرۆسەی پرنسیپی تیۆری و نەریتی ئەکادیمی نەبووە و چوارچێوەیەکی زانستیی وەرنەگرتووە، تیۆر و میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی نەکراونەتە بنەما و مەرجی کاری رەخنەیی، بۆیە رەخنەی ئەدەبی چ وەک داهێنان چ وەک کاری زانستی هێشتا نەچەسپیوە و بەلای زۆریشەوە هێشتا لە ئاستی نەبووندایە"[٢٦]. بەپێی ئەم بۆچوونەی "د. رەفیق" رەخنەی ئەدەبی زۆر لاوازە، کە ئەمەش وەک لە سەرەوە خستمانە روو هۆکاری جیاجیای هەیە. د. رەفیق پێی وایە لە نێو نووسینی رەخنەی کوردیدا دوو شێوە زۆر زاڵن کە ئەوانیش: یەکەمیان هەندێک هەوڵی رەخنەگرانەیە، کە نووسەرەکەی دەیەوێت، بەپێی میتۆدێکی دیاریکراوی رەخنەی ئەدەبی بەو جۆرەی خۆی تێی گەیشتووە تێکستی ئەدەبی پێ بخوێنێتەوە.. د. رەفیق لە درێژەدا ئەوەش دەخاتەڕوو کە هەندێک جار رەخنەکە بەجۆرێکە خوێنەر ناتوانێت تێی بگات، کە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رەخنەگر باش ئەو میتۆدە رەخنەییانەی کاری پێ کردووە هەزم نەکردووە. جۆری دووەمیان کە د. رەفیق باسی دەکات ئەوانەن کە زیاتر سەرنج و تێڕوانین و خوێندنەوەی نووسەرێکە لەبارەی بەرهەمی نووسەرێکی تر. کە ئەمەش ئەگەر بە شێوەیەکی ئۆبجێکتیڤانە نووسرابن بایەخی خۆیان هەیە. لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بخەمە روو کە ترسناکترینی ئەو سێ جۆرە نووسینەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا "ستایشنامە"یە، بەتایبەت ئەو ستایشنامانەی کە بێ بنەمان و توانای سەلماندنی ئەو قسانەیان نییە، کە خۆیان بە راگوزەر دەیخەنە روو. هەروەها ئەوەی جێی داخیشە بەشێکی زۆری نووسینی کوردی ئێستا لە چوارچێوەی ستایشنامەدا دەخولێتەوە و بۆ خۆ نزیککردنەوەیە لە نووسەر، یان وەرگێڕی دەقەکە.

## ڕەخنەی زارەکی و ڕەخنەی نووسراو

ئێمە لەسەرەتاوە باسمان لە ڕەخنە کرد چییە، بەڵام ئێستا لەگەڵ بەکارهێنانی هەردوو زاراوەی "ڕەخنەی زارەکی" و "ڕەخنەی نووسراو"دا پێویستمان بە پێناسەکردنەوەی ئەم دوو زاراوەیە هەیە، کە لەم نووسینەدا بەکارم هێناوە.

ڕەخنەی زارەکی بەو ڕەخنەیە دەگوترێ کە هەر لەسەر زار دەمێنێتەوە و نابێتە تێکستێکی نووسراو، ئێمە لە چەند دەیەی ڕابردووەوە تا ئێستا خاوەنی زۆرترین ڕەخنەی زارەکین و بەشێکی زۆری نووسەران و شاعیران لە کاتی باسکردنی تێکستێکدا دەبنە ڕەخنەگر و بڕیاری ڕەتکردنەوە، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەقە دەدەن. بێگومان من لێرەدا باس لەو بۆچوونە سەر زارەکییانە ناکەم کە نووسەران لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەکەن، بگرە مەبەستم لەو ڕەخنانەیە کە زۆر جار سەداکەی ئەوەندە دەنگ دەداتەوە تا خاوەنەکەی ناچار دەکات بینووسێتەوە. بوونی ڕەخنەی زارەکی، یان مانەوەی ڕەخنە تەنیا لەسەر زار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستاش بەشێکی زۆری تاکی کوردی جورئەتی ئەوەی نییە ڕەخنە بنووسێت بەو پێیەی "وەک لە سەرەوەش خستمانە ڕوو" کولتووری کوردی توانای قبووڵکردنی ڕەخنەی نییە، یان کەمە. هەروەها بوونی ناوی خوازراو، یان بڵاوکردنەوەی بابەت لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا بەناوی خوازراوەوە دیسان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو تاکانە جورئەتی ئەوەیان نییە، کە خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بەرانبەر ئەو بۆچوونانەی لەسەر تێکستێک دەریان بڕیوە.

ڕەخنەی نووسراویش ئەو تێکستانە دەگرێتەوە کە نووسراوەی تۆمار کراون و پاشان بڵاو کراونەتەوە. وەک لە سەرەوەش ئاماژەم پێ دا زۆر جار لە ئەنجامی بوونی ڕەخنەی زارەکییەوە دێتە بوون. ئەگەرچی ئەدەبی کوردی لە ڕەخنەگری نووسراودا وەک باسمان کرد وەک پێویست نییە، بەڵام لە ڕەخنەی زارەکیدا ڕەخنەگری زۆری تێدایە، بەڵام بەشێکی زۆری کە نابێتە هۆی لەدایکبوونی دەقێکی نووسراو بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە کە لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم:

١- نەبوونی جورئەت لای تاکی ڕەخنەگری کوردی، کە ئەم خاڵە ڕەنگە گرینگترین خاڵ بێت.
٢- نەبوونی زەمینەسازی بۆ پەیدابوونی وەک لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد، کە کولتووری کوردی و نێوەندە ڕۆشنبیرییەکەی ڕێگرن لە بەردەم دروستبوونی فەزایەکی ڕەخنەییدا .

٣- وەک پاشکۆ سەیرکردنی دەقی رەخنەیی و رەخنەگر، بەتایبەت کە تا ئێستاش روانگەی بەشێکی زۆری نووسەران روانگەیەکە کە وەک پاشکۆ سەیری تێکستی رەخنەیی دەکات، کە لە راستیدا "وەک لە سەرەوەش بە وردی باسمان کرد" وا نییە و دەقی رەخنەییش دەقێکی داهێنەرانەیە.

من لە بەشەکانی تری ئەم نووسینەدا باسم لە خاڵی دووەم و سێیەم کردووە، بەڵام ئەوەی کە باس نەکراوە یەکەمە کە نەبوونی جورئەتە لای تاکی رەخنەگر. ئەگەر بە وردی بۆ ئەم کێشەیە بڕوانین و بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای کێشەکە تا جومگەکانی دیاری بکەین. ئەوا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کۆی کولتووری کوردی و سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا سیستمێکە تاکێکی بێ جورئەت و دەستەمۆ بەرهەم دێنێت، بە پێچەوانەی سیستمی سویدی، یان ئیتالی، یان ئەڵمانی، کە لە هەوڵی ئەوەدایە تاکێکی بیرکەرەوە و بە جورئەت و سرک بەرهەم بهێنێت تا بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت و خاوەنی بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی بێت. تاکی کوردی بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکانەوە، کە هەموویان دەسەڵاتی داگیرکەر و داپڵۆسێنەر بوون هەوڵی خەساندنی دراوە. بە شێوەیەک، کە جورئەتی تێدا بکوژرێت و توانای بیرکردنەوەی جیاواز لە بیرکردنەوەیەکی سیاسی دیاریکراو نەبێت. کەواتە بوونی جورئەت لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەیەک، کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت لەسەر پەرەسەندن و زەمینەسازیی رەخنە، نەک تەنیا لە بواری ئەدەبیدا، بگرە لە بوارەکانی تریشدا.

## جیاوازبوون و بێدەنگی رەخنە

لەم بەشەدا مەبەستم ئەوەیە قسە لەسەر ئەو دەنگە جیاوازانە بکەین، کە رەخنەی کوردی پشتگوێی خستوون، یان وەک پێویست ئاوڕی لێ نەداونەتەوە. هەمیشە بەشێکی زۆر لە داهێنەرەکان ئەو کەسانەن کە درەنگتر لە سەردەمی خۆیان هەست بە گەورەییان دەکرێت. پێ ناچێت نالی و سالم و کوردی سێ دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابان لە سەردەمی خۆیاندا بە گرینگی ئەو داهێنانەیان زانرابێت، کە ئێستا ئێمەی سەرسام کردووە، هەروەها خانی و مەحوی و مەولەویش بە هەمان شێوە هەر لە فەرامۆشیدا ژیاون و کەمبوون ئەو کەسانەی هەستیان بە گرینگی تێکستەکانی ئەوان کردووە. لێرەوە تێ دەگەین تێکستی داهێنەرانە بێدەنگیش توانای فەرامۆشکردنی نییە، رەنگە لە سەردەمێکدا ئەو تێکستە بچێتە خانەی فەرامۆشییەوە، بەڵام ئەو فەرامۆشییە هەمیشەیی نابێت.


حوسێن عارف

بەختیار عەلی لەبارەی بێدەنگی رەخنەی کوردییەوە لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "رەخنەی ئەمڕۆ دەیەوێت لە رێگەی بێدەنگی و فەرامۆشکردن و گوێنەدانەوە، ئەدەب بێ بایەخ و ناچیز بکات". لە شوێنێکی تری هەمان چاوپێکەوتنندا بەختیار ئاماژە بە ئەوەش دەدات کە "بێدەنگی و غیابی رەخنەی کوردی بێدەنگی کەسێکی زانا و عاریف نییە، بێدەنگی جەلادێکە بە بێدەنگی قوربانییەکانی دەخنکێنێت". رەنگە ئەم بۆچوونانەی بەختیار عەلی تا رادەیەک توندی پێوە دیار بێت، بەڵام ئەوە خستنەڕووی ئەو حەقیقەتەیە، کە بەشێکی زۆری نەوەی پێشوو لە نووسەران و رۆشنبیران دەیانەوێت لە رێی هەڵبژاردنی بێدەنگییەوە بەرامبەر بە تێکستە نوێکان نەوەی نوێ بخەنە خانەی فەرامۆشییەوە، کە ئەم سیفاتە یەکێکە لە سیفاتە ناشیرینەکانی نووسەر و رۆشنبیری کورد، کە رەنگە لە هیچ کولتوورێکدا نموونەی لەم شێوەیە نەدۆزرێتەوە.

لە ئێستاشدا چەندین شاعیر و نووسەری داهێنەرمان هەیە، کە خاوەنی بەرهەمی جدی و دەنگی تایبەتی خۆیانن، بەڵام رەخنەی کوردی بێدەنگی بەرامبەریان هەڵبژاردووە، یان ئەو رەخنانەی لەسەر تێکستی ئەو نووسەرانە نووسراون لە ئاستی پێویستدا نەبوون، یان ستایشنامەبوون، یان تێکستی تەشهیری، کە مەرامیان رووخاندن و لەکەدارکردنی ئەو نووسەرە بووە.

ئاماژەدان بە نووسەرانی وەک "حوسێن عارف، دڵشاد عەبدوڵا، بەختیار عەلی، عەتا محەمەد، سەباح رەنجدەر، ئارام کاکەی فەلاح" و چەندینی تر، کە هەریەکەیان خاوەنی دنیای تایبەتی خۆیەتی لە شیعر و چیرۆک و رۆماندا، بەڵام رەخنەی کوردی تا ئێستا بێدەنگی بەرانبەریان هەڵبژاردووە، ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە رەخنەی کوردی لە ئاستێکی نزمدایە، کە ترسناکی ئەو ئاستنزمییە لەوەدایە تێکستە جوانەکانی ئەو نووسەرانە بە بێدەنگی تێ دەپەڕن و ئەمەش دیسان دووبارەبوونەوەی هەمان قۆناغی حەفتا و هەشتاکانی رەخنەی کوردییە کە دەیان تێکستی شیعر و چیرۆک بەبێ خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە و رەخنەیەکی جدی تێ پەڕین، رەنگە ئاماژەدان بە ئەزموونی چیرۆکی "محەمەد

ئەمین ئەحمەد" وەک دەنگێکی فەرامۆشکراوی حەفتاکان مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینە زیاتر روون بکاتەوە.

چیرۆکنووسانی وەک "عەتا محەمەد و ئارام کاکەی فەلاح"یش وەک دوو چیرۆکنووسی نەوەدەکان وەک پێویست رەخنەگران ئاوڕیان لە بەرهەمەکانیان نەداوەتەوە. هەروەها "دڵشاد عەبدوڵا و سەباح رەنجدەر"یش وەک دوو ئەزموونی شیعری جیاواز، کە خاوەنی دنیای تایبەتی خۆیانن و لەو شاعیرانەن وشیارانە تێکست دەخولقێنن، بەڵام دیسان رەخنەی کوردی لە بەرانبەر ئەو ئەزموونانەشدا کەم دەسەڵات بووە.

بێگومان دەنگی تریش هەن کە رەخنەی کوردی ئاوڕی لێ نەداونەتەوە، بەڵام ئەو نموونانەی سەرەوە کە ئاماژەم پێ دان لەو دەنگانەن، کە ئاوڕنەدانەوە لێیان و هەڵبژاردنی بێدەنگی بەرانبەر تێکستی ئەو نووسەرانە، دیسان گومانی بوونی رەخنەی کوردیمان لا زیندوو دەکاتەوە.

## رەخنەی ئەدەبی کوردی بەرەو کوێ؟

رەنگە ئیتر کاتی ئەوە هاتبێت بپرسین رەخنەی ئەدەبی کوردی بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئایا هەنگاوەکان بەرەو پێشەوەیە، یان وەستاون؟ بێگومان رەخنەی کوردی هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە و هەوڵی بەرەو پێشچوونی داوە، بەڵام هەنگاوەکان لاوازن و وەک پێویست نین ئەوەش بەهۆی ئەو خاڵانەی کە لەم نووسینەدا خرایە روو، کە سەرجەمیان ئاستەنگیان بۆ بەرەو پێشچوونی رەخنەی ئەدەبی دروست کردووە. بەڵام ئەو ئاستەنگەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەم لێرەدا نەبوونی بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە رەخنەی ئەدەبی کە تا ئێستاش لە کوردستاندا هیچ کۆوار و رۆژنامەیەکی تایبەتمەند بە رەخنەی ئەدەبی نییە. ئێمە کۆوار و رۆژنامەی تایبەت بە وەرگێڕان و گەنجان و منداڵان و تێکستی ئەدەبی و وتاری جۆراوجۆرمان هەیە، بەڵام کۆوار و رۆژنامەی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی تێکستی رەخنەییمان نییە، هەر بۆیە تا ئێستا ئەو بۆچوونە بوونی هەیە کە رەخنە وەک پاشکۆی دەق سەیر دەکات، لە کاتێکدا "وەک لە سەرەوەش ئاماژەمان پێ دا" بە هیچ شێوەیەک رەخنە پاشکۆی دەق نییە.

ئێمە بەبێ بوونی رەخنە ناتوانین بوویەکی ئەکتیڤی جیهانی نوێ و سەدە نوێکان بین و وەک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدیش لە نووسینێکدا دەڵێت: "رەخنە دەتوانێت زەمینەیەکی گونجاو و دەروازەیەکی فراوان بخولقێنێت بۆ چوونە نێو جیهانی مۆدێرنە و سەدە نوێکان".

بوونی بەشی تایبەت لە کۆوار و رۆژنامەکاندا بۆ رەخنەی ئەدەبی هەنگاوێکی باشە بۆ زەمینەخۆشکردن و گەشەسەندنی رەخنە، بەڵام بۆ ئەوەی هەنگاوەکان خێراتربن. چوار خاڵ زۆر گرینگە رەچاو بکرێت:

١- دەستگیرۆیی رەخنەگران لە بواری دابینکردنی پاداشتی شیاو بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی خۆیان تەنیا بۆ نووسینی بابەتی رەخنەیی تەرخان بکەن، یان نووسینی بابەتی رەخنەیی بکەنە کاری سەرەکییان.

٢- زوو بڵاوکردنەوەی تێکستی رەخنەیی و پێدانی بایەخی گرینگ بە تێکستی رەخنەیی، کە ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێکی باش هاوکات هاندەرێکیش دەبێت بۆ رەخنەگر کە بەردەوام بێت.

٣- دروستکردنی پاشخانێکی رەخنەیی لە نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا، کە بە پلەی یەکەم زۆر گرینگە لە هەوڵی بنیاتنانی عەقڵی رەخنەییدا بین، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا لە هەوڵی دروستکردن و بنیاتنانی کولتووری رەخنە قبوولکردن بدرێت. واتە ئێمە پێویستمان هەم بە عەقڵێکی رەخنەیی هەیە و هەم پێویستیشمان بە عەقڵی قبوولکردنی رەخنەش هەیە.

٤- وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی کە خوێنەر بە تیۆرە رەخنەییەکان ئاشنا دەکات، کە وەک تێبینی دەکرێت بە درێژایی ٥٠ ساڵی رابردوو نەتوانراوە ٥٠ کتێبی تیۆری لەمەڕ رەخنە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، کە ئەمە یەکێکی ترە لەو ئاستەنگانە کە تا ئەو سەرچاوانە وەرنەگێڕدرێن بۆ سەر زمانی کوردی رەخنە لەم دۆخە قەتیس بووەدا دەمێنێتەوە. هەروەها بەشێکی زۆری سەرچاوە گرینگەکان بە زمانی عەرەبیش دەست ناکەون.

یەکێک لەو هەوڵانەی لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەریی لەسەر رەخنەی ئەدەبی هەبوو بوونی چەندین کۆواری ئەدەبی و هونەری تایبەت و چەند پاشکۆیەکی تایبەت بوو بە ئەدەب و هونەر. ئەگەرچی وەک پێویست ئاوڕیان لە دەقی رەخنەیی نەداوەتەوە، بەڵام ئەم کۆوار و بڵاوکراوانە دەیان دەقی رەخنەییان بڵاو کردووەتەوە. هەرچەندە بەشێک لەم دەقانە بۆ مەبەستی تایبەتی بوون، بەڵام بەگشتی بوونی ئەم بڵاوکراوە جۆراوجۆرانە کاریگەریی لە دەرکەوتنی چەند دەنگێکی رەخنەییدا هەبووە "هەرچەندە کەمن". بەڵام بوونیان کاریگەریی لەسەر دروستکردنی پاشخانێکی رەخنەیی دەبێت بۆ داهاتوو.

## ئەنجام و کۆتایی

پۆڵ ریکۆر پێی وایە "توانای فرە خوێندنەوەی دەق هاوتای دیالێکتیکی سەربەخۆیی دەقە"[٢٧]. دەکرێت لەم قسەیەی ریکۆرەوە پرسیاری ئەوە بکەین ئایا رەخنەی ئەدەبی کوردی سەربەخۆیی خۆی پاراستووە؟ «لێرەدا مەبەست لە سەربەخۆیی ئەوەیە کە ئایا رەخنەگر تا چەند ئینتیمای سیاسی نووسەری لا مەبەستە و ئایا کاری لەسەر تێکست کردووە، یان ئینتیماکەی»، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەو خاڵانە روونتر دەکاتەوە کە رەخنەی کوردیش تا رادەیەک لایەندار بووە وەک بەختیار عەلی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "فەرامۆشکردنی دەق و ئیشکردن لەسەر نووسەر پێوەندیی بەو ستراکتۆرە ئایدۆلۆجییە بالادەستەوە هەبووە کە ساڵگەلێکی زۆر کۆنترۆڵی ژیانی رۆشنبیری ئێمەی کردووە"[٢٨]. بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری ئەو رەخنەنووسانەی رەخنە لەسەر نووسەرێک دەنووسن زیاتر بۆیان گرینگە لەسەر کێ دەنووسن، نەک لەسەر چ دەقێک دەنووسن. ئەمەش لە هەردوو بارەکەیدا پەیرەو کراوە، هەم لەبارەی موجامەلە و پیاهەڵدانەوە تا باری دووەم، کە تەشهیر پێکردن و دروستکردنی بوختانی جۆراوجۆرە.

سەختە بتوانرێت دوا خاڵێک بۆ ئەم نووسینە دابنرێت بەو پێیەی ئاستەنگ و کێشەکانی دنیای رەخنەی کوردی ئەوەندە زۆرن و ئێمە لەم نووسینەدا تەنها بە راگوزەرانە بەسەریاندا تێ پەڕیوین، بۆیە دەکرێت لێرەدا تەنیا ئاماژە بەوە بدەین کە دەتوانین بە لە بەرچاوگرتنی ئەو پێشنیازانەی سەرەوە هەنگاوی نوێتر بنێین بۆ دروستکردنی گوتارێکی رەخنەیی و زەمینەسازی بۆ بەرەوپێشبردن و بوژاندنەوەی رەخنەی ئەدەبی و دروستکردنی پاشخانی رەخنەیی بۆ داهاتوو، هاوکات وەرگێڕانی تیۆرە رەخنەییەکانیش کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم رەخنە و رەخنەگری کورد.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- ئازاد بەهین، رەوتێک لە کورتەی مێژووی رەخنە، کۆواری هەنار ژمارە (٣١) ئۆگەستۆز ٢٠٠٨. لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
٢-هەمان سەرچاوە.
٣- رۆلان بارت، رەخنە و حەقیقەت، و: پێشڕەو حسێن، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٧.
٤- هەمان سەرچاوە.
٥- رۆبێرت دیاینی، دایڤد دەچز، ئەبرامز، رێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی، و: عەتا قەرەداخی، لە

بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠١.
٦- ئایان ماکلین، ڕێبازەکانی ڕەخنە، و: عەتا قەرەداخی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٦.
٧- چارلز برێسلێز، ڕەخنەی ئەدەبی قوتابخانەکانی، و: عەبدولخالق یەعقوبی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی ٢٠٠٧.
٨- ڕۆبێرت دیاینی، دایڤد دەچز، ئەبرامز، ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و: عەتا قەرەداخی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠١.
٩- ئازاد بەهین، ڕەوتێک لە کورتەی مێژووی ڕەخنە،
١٠- ڕۆلان بارت، ڕەخنەو حەقیقەت، و: پێشڕەو حسێن،
١١- هەمان سەرچاوە.
١٢- ئیدریس عەلی، تەوەرێک لەسەر ڕەخنە، کۆواری ئاینده ژمارە ٧٥ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
١٣- تێری ئێگڵتۆن، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و: عەبدولخالق یەعقووبی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی ٢٠٠٨.
١٤- هەمان سەرچاوە.
١٥- هەمان سەرچاوە.
١٦- بەختیار عەلی، وەڵام لە ڕۆژگاری ونبوونی پرسیاردا-چاوپێکەوتن، چاپخانەی قانع، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٣.
١٧- ڕۆلان بارت، ڕەخنە و حەقیقەت، و: پێشڕەو حسێن،
١٨- هەمان سەرچاوە.
١٩- تێری ئێگڵتۆن، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و: عەبدولخالق یەعقووبی،
٢٠- عەبدولوتەلیب عەبدوڵا، ئەی ڕەقیب لە نێوان جەستەی زمان و ....، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨.
٢١- ئایان ماکلین، ڕێبازەکانی ڕەخنە، و: عەتا قەرەداخی،
٢٢- هەمان سەرچاوە.
٢٣-بەختیار عەلی، لەودیو کورسییەکانەوە چی دەبینیت، کۆواری هەنار ژمارە ٢٩ یۆنیۆ ٢٠٠٨، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
٢٤- بەختیار عەلی، وەڵام لە ڕۆژگاری ونبوونی پرسیاردا-
٢٥- بلینسکی، دەربارەی ڕەخنە، و: جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین- سلێمانی ١٩٧١.
٢٦- ئیدریس عەلی، تەوەرێک لەسەر ڕەخنە، کۆواری ئاینده
٢٧- ئایان ماکلین، ڕێبازەکانی ڕەخنە، و: عەتا قەرەداغی
٢٨- بەختیار عەلی، لەودیو کورسییەکانەوە چی دەبینیت،